**ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە: ٣٨٧٧ لە ٢٠٢٠/٦/٢٤**

## بڕیاری ژمارە(٦١)ی ساڵی ٢٠٢٠

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی(هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢هەموارکراو ، و بەڕەچاوکردنی ئەو داهاتەی کە ئێستا لەبەردەستی وەزارەتی دارایی و ئابورییە کە بەراورد بە خەرجییەکانی مووچە و شایستەی دارایی مووچەخۆران ، کورتهێنانێکی بەرچاوی تێدایە ، بۆیە بەمەبەستی خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو کورتهێنانە کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتنی ناردنی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدراڵی و لێکەوتە دارایی و ئابوورییەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە سەرتاسەری جیهانی گرتەوە بەهەرێمی کوردستانیشەوە ، ئەمە سەرەڕای دابەزینی نرخی نەوت ، و لەبەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٣١)لە ٢٠٢٠/٦/٢١ ، ئەنجومەنی وەزیران لە دوای دیراسەکردنی گشت ئەگەرەکان بڕیاری دا بە :

**یەکەم:**

أ- تەمویلکردنی ڕێژەی ٧٩٪ ( لەسەدا حەفتا و نۆی ) خەرجییەکانی مووچە و شایستەی دارایی مووچە خۆران و خانەنشینانی گشت وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و سەرجەم سەرۆکایەتی و دامەزراوەکانی هەرێم .

ب- ڕاگرتنی تەمویلکردنی ئەو ڕێژەی ٢١٪ ( لەسەدا بیست و یەکەی ) دەمێنێتەوە لەلایەن وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەسەرجەم مووچە خۆران و خانەنشینان جێبەجێ دەکرێت بەڕەچاوکردنی زۆریی و کەمی شایستەی دارایی .

ج- خەرجکردنی ١٠٠٪ ( لەسەدا سەدی ) شایستەی دارایی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان ، و زیندانیانی سیاسی ، و کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ، و ئەو مووچەخۆر و خانەنشینانەش کە شایستەی داراییان (٣٠٠) سێسەد هەزار دینار و خوار ترە .

د- بەدەر لە بڕگەکانی سەرەوە، خەرجکردنی تەنیا ڕێژەی ٥٠٪ ( لەسەدا پەنجای) شایستەی دارایی ڕاسپێردراوان بە خزمەتی گشتی و خاوەن وەزیفە باڵاکان و پلە تایبەتەکان لە ( سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکانیان و ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکان و ئەوانەی بەپلەی ئەوانن وبریکارەکانی وەزارەت و ئەوانەی بەپلەی ئەوانن و ئەوانەی مووچەی بریکاری وەزارەت وەردەگرن وخاوەن پلە تایبەتەکان وئەندامانی ئەنجومەنی دادوەری و دادگای پێداچوونەوە و سەرجەم دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و گشت ئەو کەسانەی بەپێی خشتەی کارپێکراوی مووچە، مووچە و دەرماڵەی هەردوو پلەی باڵا (أ)و(ب) وەردەگرن لەسەر میلاکی شارستانی وسەربازی و ئەنجومەن ودەزگای ئاسایش وهێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ )

هـ- بڕگەی(د)ی سەرەوە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە بە پلە و وەزیفانەی لەو بڕگەیەدا هاتوون خانەنشین کراون ، یان لە دوای جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن بەو پلە وەزیفانە .

**دووەم :**

أ- پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەربکات .

ب- میکانیزمی هاتوو لە بڕگەکانی ئەم بڕیارە ، ڕێکارێکی کاتییە و بۆ خۆ گونجاندنە لەگەڵ کورتهێنان و تەنیا بۆ مووچەی ئەمجارەیە کە دابەش دەکرێت .

ج- گشت وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بەوەزارەت و سەرجەم سەرۆکایەتی و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بڕگەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لەبەر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری ، و بەڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بۆ خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەکاتی دابەشکردنی مووچە .

**سێیەم :**

ڕاسپاردنی لیژنەی باڵای دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ ئەنجامدانی ڕێکاری پێویست بۆ گەیشتن بە ئەنجام بە ئاراستەی دابینکردنی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان .

**چوارەم :**

ڕاسپاردنی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ وەرگرتنی ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ کە لە سەرەتایی مانگی تەمموزی ٢٠٢٠ دا دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە .

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**